# به درەنگەوە , سەرنجی منیش لە سەر
# راپۆرتەكەی بیكر – هاملتۆن

جەلال بەرزنجی

13-01-2007

هە رچەندە درەنگیشە بۆ نووسین لە سەر راپۆرتەكەی بیكر – هاملتۆن بە لاّم ئەم یەك دوو سەرنجەی من زۆرتر پەیوەندیان بەم شتانەوە هەیە كە كۆن نەبوون, لە دوای خوێندنەوەی راپۆرتەكە دەگەیتە ئەو ئەنجامە, كەوا كورد هێشتا وەك( بابەت )نەك وەك (فاكتەرێكی گاریگەر) سەیر دەكرێت. .ئەمەیش بووە هۆی نائومێدییێكی تری شەقامی كوردی و پرسیارێكی گەورەی لە بەر دەمی سەركردایەتی سیاسی كوردی ڤیت كردەوە , ئاخۆ بۆ هێشتا مەسەلەی كورد دوای ئەم هەموو خۆ رەپێش كردنە ی كورد, هێشتا لە دیدی گروپێكی سیاسی ناوداری ئەمریكا (بابەتە)و كێشەیەكی گاریگەر نییە ؟ئایا ئەمە ئەنجامی سەرنەكەوتنی كارێكتەری بەر پرسە كوردەكانە لەم پەیوەندیە و ئەم دەرفەتەی بۆیان رەخساوە بۆ سەرخستن و پێشەوە بردنی حكوومەتەكەیان, یان ئەمریكا هاوڕێی هەمیشەی نیە و پەیڕەوی ئەم قسەیە دەكات كە دەڵێ( لە سیاسەتدا دۆستایەتی هەمیشەی نیە, بەرژەوەندی هەمیشەی هەیە)؟ رەنگە هەردووكیشیان كاریگەریان هەبووبێت !

سەركردایەتی سیاسی كوردی خۆیان فەشەل نەكردەوەو ناوەرۆكی راپۆرتەكەیان بە بۆچوونی چەند پیرە مێردێكی سیاسی داناو , دڵی خەڵكی كوردستانیان بەوە دایەوە كەوا ئەم راپۆرتە بۆ چوونی حكوومەتی ئەمریكا نییە. بەڵام جیمس بیكر وەزیری دەرەوەی ئەمریكا لە نەوەدەكان, كە بەناوهێنای ئەو( تاریق عەزیزم) بیر دەكەوێتەوە لە چاو پێكەوتنێكی دا لە دوای دەرچوونی راپۆرتەكە لە گەڵ رۆژنامە نووس لە كەناڵی ت.ڤ س.ن.ن(ئەندرسن كۆپەر) دا كۆپەر پێی گووت( تۆ پەیوەندی خێزانیت لە گەڵ ماڵەوەی سەرۆكی ئەمریكا بۆش هەیە) كەواتە رەنگە پێش دەرچوونی راپۆرتەكە , چەند جارێك پێكەوە قاوەیان خوارد بێتەوەو باسی ناوەڕۆكی راپۆرتیكەیان كردبێت .

جێ بەجێ نەكردنی ناوەرۆكی راپۆرتەكە پەیوەندی بە تورە بوونی سەركردایەتی سیاسی كورد یان لە گەڵ رێزم بۆ دڵسۆزی رای كوردێكی هەژارو بێ ئاگا چواقورنە یان خەلیفان بۆ دژ وەستانی ئەم برپارە لە كاتی چاوپێكەوتنەكانی تەلەفزیۆنە كوردیەكان لە گەڵیاندا .نەبوو! زیاتر پەیوەندی بەدروست نەبوونی بڕوا هەبوو لە نێوان ئەمریكاو سوریە و ئێران كە لە راپۆرتەكە خوێندرابوونەوە.ئێران هەر زوو مەرجەكانی خۆی راگەیاند ئەویش كشانەوەی بێ قەیدوشەرتی ئەمریكابوو لە عێراق , بۆ ئەوەی ئایەتوڵا(خامەنەئی) بارەگاكەی بگوازێنەوە (نەجەف). لە بەر ئەوەی زۆربەی ئەمریكیەكان بە دەرئەنجامی ئەم شەڕە دڵیان خۆش نیە ئیدارەی سەرۆك بۆش بەدوای ستراتیژێكی نۆی دەگەڕێ, ئاشكرا كردنی ستراتیژە نوێكەی ئەم یەك دوو رۆژەشی بۆ ئەم مەبەستە بوو , گرنگ ترین خاڵ ناردنی بیست هەزار سەربازی تری ئەمریكی بوو بۆ عێراق , بەڵام یەكسەر لای (نانسی) دیموكرات و سەرۆكی كۆشكی سپی رەت كرایەوە گووتی:(ئێمە ئامادەنین چیتر كورەكانمان بنێرینە عێراق و لە شەڕكی هەزار ساڵە بە كوشتنیان بدەین) لێرە دیارە مەبەستی شەڕی شیعەو سونەیە گە رەگی دەگەڕتەوە زیاتر لە هەزار ساڵ پێش لە ئێستا ..وا چاوەڕان ناكرێ ئەم حكوومەتە لاوازەی جێگری سەرۆكی حزبی دەعوە (مالیكی) بەزیاد كردنی ئەم بیست هەزار سەربازە ئەمركیەش بتوانی ئاشتی بۆ عێراقیەكان دابین بكات . نازانین دوای ئەمەش, ستراتیژی ئەمریكا بۆ عێراق چی دەبێت؟